# ڕاگەیانراوی کۆتایی کۆبونەوەی پێنج حیزبی کوردستانی

سەر لەبەیانی ئەمرۆ سێ شەمە بەرواری 2007/1/2 لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێنج حیزبی کوردستانی کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان دەربارەی دوایەمین بارودۆخی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا ..

کۆبونەوەکە تاوتوێ ی ئەو هەل و مەرجە سیاسیەی کرد کەلەسەر ئاستی عێراق و کوردستان دوای راپۆرتەکەی بیکەر هاملتوت و ئەگەری گۆران لە هەڵوێستی ئەمریکا و گۆرانگاری‌یەکانی عێراق هاتۆتە کایەوە ، حیزبە کۆبووەکان هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە عێراق و هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی نا ئاساییدا تێدەپەرێت و ساڵی 2007 یش سەبارەت بە کورد و گەلی کوردستان ساڵێکی یەکلا کەرەوە و چارە نوس ساز دەبێت و ئەمەش دەخوازێت سەرجەم وزە و توانا نیشتمانیەکان بە ئاراستەی روبەروو بونەوەی تەحەداکان ساز بدرێت ، کۆبونەوەکە لە پاڵ دۆخە سیاسیەکە لەسەر خراپی ئاستی خزمەتگوزاریەکان و هەڵاوسانی ئابوری و بەرز بونەوەی نرخی بازار لەسەر حسابی هاوولاتی کەم دەرامەت وەستاو ، لە کۆتایشدا بریاریاندا بۆ ئەو مەبەستانەی سەرەوە لە سۆنگەی هەست بە لێپرسراوێتی نیشتمانی یەوە یاداشتێك ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم و هەردوو حزبی دەسەلات دار بکەن ، بریاریشیان دا کۆبوونەوەکان لەئاییندەدا دریژەیان پێبدرێت ..

## ناوی حزبەکان :

- حزبی شیوعی کوردستان
- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
- حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان
- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان